# دوو حیزبی پڕ له به‌عسی

حه‌مه‌سه‌عید حه‌سه‌ن

دوای کوودەتای ته‌مموزی ١٩٦٨ به‌عسییه‌کان دروشمی (جئنا لنبقی)یان بڵند کرده‌وه. ئه‌وان هه‌ر زوو گوتیان: ئێمه بڕوامان به فره‌لایه‌نی و ده‌ستاوده‌ستکردنی ده‌سه‌ڵات نییه و ئیدی هه‌تا هه‌تایه هه‌ر فه‌رمانڕه‌وای عێراق ده‌بین و هێز نییه بتوانێت جێگه‌مان پێ لێژ بکات و ده‌سه‌ڵاتمان لێ بسته‌نێته‌وه.
که ٣١ی ته‌باخی ١٩٩٦ پدک به کۆمه‌کی به‌عس، هه‌ولێری له بن ده‌ستی ینک ده‌رهێنا، فه‌ره‌نسۆ حه‌ریری له کوردستان تیڤییه‌وه، هه‌مان ئه‌و دروشمه دێرینه‌ی به‌عسی، ڕاشکاوانه به کوردی گوته‌وه: (بۆ ئه‌وه هاتووین، بمێنینه‌وه.) ئه‌و حیزبه‌ی وه‌ک به‌عس بیر بکاته‌وه و به‌عسییانه ڕه‌وتار بکات، ئاساییه پڕ بێت له به‌عسی و دێر یان زوو، هه‌مان چاره‌نووسی به‌عسیشی ده‌بێت.
دوای شۆڕشی ئۆکتۆبه‌ر، ده‌رکه‌وت له نێو کۆمیته‌ی ناوه‌ندیی به‌لشه‌فیکه‌کانیشدا، پیاوی قه‌یسه‌ر هه‌بووه. بۆیه شتێکی سه‌یر نییه، له نێو سه‌رانی (پدک) یان (ینک)دا پیاوی به‌عس هه‌بووبێت. ئه‌وه سه‌یره که ڕابردووخاوێنه‌کانی نێو ئه‌و دوو لایه‌نه، به ته‌نگ دیرۆکی پاکی خۆیانه‌وه نه‌یه‌ن و بۆ ئاشکراکردنی سیخوڕه‌کانی نێوانیان، هیچ گوشارێک نه‌خه‌نه سه‌ر حیزبه‌کانیان.
وا پێ ده‌چێت، له ڕوانگه‌ی یه‌کێتی و پارتییه‌وه، به‌عسیبوون خاڵێکی گه‌ش بێت، ئه‌گه‌ر نا پشتی نیزار خه‌زره‌جییان نه‌ده‌گرت. ئه‌گه‌ر نا جه‌عفه‌ر به‌رزنجی به فیلته‌ری یه‌کێتیدا ده‌رباز نه‌ده‌بوو. ئه‌گه‌ر نا ئاسۆ ئه‌ڵمانی، که له به‌هاری ١٩٩١ دا ده‌رکه‌وت به‌عسی بووه، له به‌هاری ٢٠٠١ دا نه‌ده‌بوو به ئه‌ندامی سه‌رکردایه‌تیی ینک.
پێم وایه بۆیه پدک و ینک، به‌عسییه‌کانی نێوانیان ده‌ستنیشان ناکه‌ن، چونکه ئه‌و کاره بۆ ئه‌و دوو حیزبه پڕ له به‌عسییه، وه‌ک پووش له کا بژاردن وایه. ئه‌و دوو حیزبه وه‌ک به مێژوویاندا دیاره، دوو حیزبی به‌عسیره‌وتارن، بۆیه نه به‌عسییه‌ک که به یه‌کێک له‌و دوو حیزبه‌وه په‌یوه‌ست ده‌بوو، هه‌ستی به غه‌ریبی ده‌کرد و نه بۆ پارتییه‌ک یان یه‌کێتییه‌کیش کارێکی سه‌خت بوو، ببێته به‌عسی. وه‌ک چۆن باڵنده‌یه‌ک سنووری نێوان دوو وڵات ده‌بڕێت و هه‌ست به هیچ به‌ربه‌ستێک ناکات، هه‌ڵۆ به‌رزه‌فڕه‌کانی (ینک و پدک)یش به هه‌مان ئاسانی له هه‌واری به‌عسدا ده‌نیشتنه‌وه و بارگه‌یان ده‌خست و خێوه‌تیان هه‌ڵده‌دا.
که پارتی و یه‌کێتی له به‌عسی تژین و ئه‌ندامه خاوێنه‌کانیان بێده‌نگن، هه‌قی کورده، حسابی پاشماوه‌کانی به‌عس بۆ هه‌موو ئه‌ندامه‌کانی ئه‌و دوو حیزبه بکات. ئه‌گه‌ر ڕابردووپاکه‌کانی نێو پارتی و یه‌کێتی، ڕێزیان له خۆیان و خه‌ڵکی کوردستان و خوێنی شه‌هیدانیان گرتبا، ئه‌گه‌ر پۆست و پاره لاڵی نه‌کردبان، ئه‌گه‌ر مێگه‌ل نه‌بوونایه، له ئاستی ئه‌و ڕسواییه‌دا بێده‌نگ نه‌ده‌بوون.
به‌عس که تازه‌کی ده‌سه‌ڵاتی زه‌وت کردبوو، خه‌ڵکی عێراقی گا به عه‌دنان قه‌یسی و گا به کابرای (ته‌وروه‌شێن)ه‌وه سه‌رقاڵ ده‌کرد. (ینک) تازه‌کی خه‌ریکی هه‌مان گه‌مه‌یه، ئه‌وه نییه بۆ ئه‌وه‌ی مه‌سه‌له‌ی ئاشکراکردنی جاشه‌کانی نێوانی که له ژماره نایه‌ن، له بیری کورد بباته‌وه، باس له ڕیفراندۆم ده‌کات!
ئه‌و ناپاکانه‌ی نێو یه‌کێتی و پارتی، چاوساغ و هاوسه‌نگه‌ر و هاوکاری ئه‌و به‌عسییانه بوون، که جه‌سته‌ی پاکیزه‌ی خوشکه گه‌رمیانییه ئه‌نفالکراوه‌کانی ئێمه‌یان به مه‌لهاکانی میسر ده‌فرۆشت. به ڕاست پاکژه‌کانی نێو یه‌کێتی و پارتی، چۆن ویژدانیان ئازاریان نادات، چۆن شه‌رم نایانکوژێت، که له‌گه‌ڵ که‌سانی وا پۆخڵدا، ئه‌ندامی هه‌مان حیزبن!

2003. 08. 16